هونەرمەند سیروان عوسمان:

# بەرهەمی هونەریمان لە تاراوگە لاوازە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە لە نیشتمانی رەسەنی خۆمان ناژین

هونەرمەند «سیروان عوسمان» یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە جێ پەنجەی لە نێو هونەری دراما و شانۆی کوردیدا دیارە، ئەو دەستپێکی کاری هونەریی خۆی بە گۆرانی دەسپێکرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە رووی لە هونەری شانۆ و دراما کرد و توانی لەم بوارەشدا ئەسپی خۆی تاو بدات، سیروان عوسمان ساڵانێکە خۆی و خێزانەکەی خزمەت بە هونەری کوردی دەکەن، لەو کاتەی دراما و شانۆی کوردی ساڵانی هەشتاکان بە سەردەمی زێڕین ناوزەند دەکرێت، تائێستا زیاتر لە بواری درامای تەلەفزیۆنی کاری کردوە، بۆ رێزگرتن لەو خزمەتە هونەرییە و بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کار و چالاکییەکانی «سیروان عوسمان»، گۆڤاری گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵیدا ئەنجام دا.

هەڤپەیڤین/ کامەران حاجی ئەلیاس

*** ئایا ژیانی هونەریتان چۆن دەستپێکرد و سەرەتای کاری هونەریتان چۆن بوو؟**

- دەستپێکی کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥ کە وەك کۆمبارس بەگۆرانی دەستم پێکرد، بەڵام دواتر زانیم لەم بوارەدا ناتوانم سەرکەوتووبم، لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨واتە لەتەمەنی هەژدە ساڵی لە بواری نواندندا بەشداریم کرد، یەکەم بەرهەمیش کە لە تیپێکی باوەڕپێکراو لە شانۆگەری (چیرۆکەکانی مام سمایل) بەشدار بووم، تاکو ئێستاش لە کاری هونەری دانەبڕاوم .

*** خانەوادەی هونەرمەند (سەعدون یونس) تاچەند لەکاری هونەری هاوکارتان بوون؟**

- مامۆستای هونەرمەند (سەعدون یونس) یەکەم هونەرمەند بوو کە پێی گوتم دوارۆژێکی جوانی هونەری چاوەڕێتە، تاکە مامۆستامە کە لە پێگەیاندنم شانازیی پێوە بکەم.

*** زیاتر لە شانۆ، یان دراما خۆت دەبینیتەوە؟**

- بۆمن هەردوو بوار لەیەك تەرازودایە، بەڵام بوارم زیاتر دراوەتێ، یان بۆم رەخساوە کە لە دراما زیاتر دەرکەوم، ئەو زەوق و خۆشییەی لە شانۆدا وەرمگرتبێ، بە جوانترین شێوە لە ناخ و دەروونداا چەقیوە.

*** لەساڵانی هەشتاکان کاری هونەری (شانۆ**



**ودراما) کاری زۆر باش دەکران، ئایا لەگەڵ کارەکانی ئێستا چۆن بەراوردیان دەکەیت؟**

- لەوانەیە زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویستە هونەرمەندەکانمان حەز بەو وەڵامە نەکەن، یان بڵێن تۆ باس لە زەمەنێکی بەسەرچوو دەکەیت، بەڵام بڕواتان هەبێ، بەراورد ناکرێ، ساڵانی هەشتاکان لەگەڵ ئەمڕۆمان لە تەواوی بوارەکان، داهێنان، نواندن، دەرهێنەر، تێکست، ئێکسسوار، دیکۆرات و ئەوانی دیکەیش لە هەموویشی گرنگتر خۆشەویستی و یەکڕیزی و دڵسۆزیی هونەرمەندان بەراورد ناکرێت، بە هیچ شێوەیەك کەسێکمان هەستمان بە جیاوازیی نێوانمان نەدەکرد و بۆ خزمەتی هونەر شەو و رۆژمان نەبوو، هەربۆیەشە هەشتاکانی ئێمە بە چەرخی زێڕین ناودەبرێن، دونیایەك رێزو خۆشەویستیشم بۆ تەواوی بەرهەمە هونەرییەکانی دوای راپەڕین هەیە، بەڵام ئەوەی باسم کرد راستییە.

*** ماوەیەکە لە دەرەوەی وڵاتیت، ئەنجامدانی کاری هونەری بەراورد بە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- ئێمەی بەرهەمی هونەریمان لەتاراوگە لاوازە، هۆکاریش ئەوەیە کە لە نیشتمانی رەسەنی خۆمان ناژین و هەریەکەمان سەرقاڵی کاری رۆژانەین و کەوتووینەتە ئەم شار و ئەو شار، ناتوانین



تیپ دامەزرێنین و هەتاسەر بەیەکەوە بمێنین و دەست بەکاری هونەری بکەین، بەڵام ئەگەر من ئەودەرفەتەی بۆم رەخسابێت، درێغیم لێ نەکردووە و لەبواری شانۆ بەشداریم کردووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ تاکو ساڵی ٢٠٠٠ کە رادیۆی شاری هانۆڤەر بەشی کوردی دامەزرابوو، هەفتانە یەك سەعاتمان هەبوو، هەر هەفتەی بابەتێکم دەنووسی و وەك پێشکەشکاریش هاوکار بووم، ئەگەر وەك هونەری ئەوروپاشتان مەبەستە، ئەوا جارێك زۆر زووە خۆمان بێنینە ریزی نمایش و دەرهێنان و سەربەست لە هەڵبژاردنی بابەت و نواندن و جل پۆشین و رووناکی و ئەوانی دیکەش، چونکە لێرە کەس پابەند نییە بە نەریت و لەبەر فلانە لایەن و فلانە خەڵك کەلێن بۆ نمایش و دەرهێنان دروست بکەن.

*** لە ئێستادا هونەری شانۆ و درامای کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- کاری پوخت و جوان نمایش کراوە، بەڵام لەبەر خراپیی کارە لاوازەکان یانیش بڵێم لەبەر رشتنی پارە زەبەلاحەکانی پێش ٢٠١٤ ـە، بەرهەمە جوانەکانیش بە ئاگری بەرهەمی لاواز و گیرفان پڕکردنی هەندێ لە بازرگانە هونەرمەندەکان سووتاون، کێشەی هەرە سەرەکیی ئێمەی کورد دەقە، نووسینی بابەتی پەیوەست بە شانۆ و درامایە، هەربۆیەش زۆرینەی بەرهەمەکانمان بە کەلێنی زەقی ناهونەری لەم بابەت و ئەو دیمەن پڕدەکرێنەوە، دەکرێت بڵێین نووسەری شانۆ و دراماماﻥ ئێجگار کەمە.

*** بینەر ئەوەندەی هۆگری دراما دۆبلاژەکانە ئەوەندە هۆگری درامای کوردی نییە، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوە بینەری ئێمە نییە کە هۆگری کارە دۆبلاژکراوە بیانییەکانن، بەڵکو تەلەفزیۆنەکانن ئەوەیان بەسەرماندا سەپاندووە، زیاتر ١٤٦ کەناڵی کوردی هەیە، نازانم چۆن رێگا بەو هەموو کەناڵە دەدرێت ئاوا سەر لە بینەر و میللەت بشێوێنن، من بۆخۆم نازانم سەیری کامە کەناڵ بکەم، بینەری ئازیزیش بەتایبەت گەنجەکانمان ناحەقیان نییە، دەبینن ئەو هەموو دراما تورکییە و بابەتی هەمەجۆر هەیە و بۆشیان کراوە بە کوردی، هەندێکیان هەروا دەزانن بەرهەمەکە کوردییە و ئەکتەرەکانیش هەرکوردن، بەرهەمی ئێمەش دەبینن خۆی لە١٥ ئەلقە رەت نادا و بە دەستنوێژەوە دیالۆگ دەکەن و دایك نەوێرێت کوڕ لە باوەش بگرێت و خوشك نەتوانێ دەست لە دەستی برای بدات، وەڵا بابم بینەر بێ عەیبە، خەتاکە لە ئێمەی هونەرمەندانە.

*** تاچەند لە نێوان هونەرمەندانی کوردستان و**

**دەرەوەی کوردستان بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری هەماهەنگی هەیە؟**

- هەروەك لەپرسیاری پێشوش ئاماژەم پێکرد، زۆر ئەستەم و قورسە بتوانین لەیەك تەرازوودا باسیان لێوە بکەین، یەك دنیا هۆکار هەن کە باسکردنیان تەواو نابێت، ئێمە زۆر پێویستمان بە دامەزراندنی دەزگای هونەریی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ هەیە، بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی پێشکەوتوو و لێزان کە لە ئەلف و بێی هونەرەوە پێ بگەیەندرێن، هەروەها زۆر پێویستە لە قۆناغەکانی سەرەتایی قوتابخانەکانەوە دەست بکرێت بە وانەیەکی دروستی هونەر و پێگەیاندنی نەوەکانمان لە بواری نووسین و نمایش و وێنەکێشان و تەواوی بوارەکان، ئەوکات دەتوانین باس لە بەراوردی نێوانمان بکەین.

*** جیاوازیی نواندن لە شانۆ و دراما چۆن دەبینیت؟**

- کە لەسەر تەختەی شانۆ نواندن دەکەم، هەست بە سیروان دەکەم، تەواوی ئەوانەی لەگەڵمدا لە نواندن تەماشاکارن، منیش تەماشاکاریانم و تێکەڵین بە یەکتر، ئەوکاتانەی لەسەر شانۆم هەست و ژیانم لەگەڵ بابەت و رووداوەکانە، کە بەرامبەری کامیراش دەبم، ئەوا لەگەڵ ناخی خۆم دەدوێم و دەڵێم ئەوە ئامێرە و منیش نواندنی بەرامبەر ئەنجام دەدەم، بۆیە ئەو حیساب و کیتابەی بۆ شانۆ دەیکەم، بۆ کامیرا نایکەم، چونکە لەسەر تەختەی شانۆ بەرپرسیارێتییەکە گەورەترە و لەگەڵ جەماوەرم، بەڵام نواندن بۆ کامیرای ئامێر زۆر ئاسانترە، هۆکارەکەش تەنیا لای من وەك سیروان بەرپرسیارێتییەکەیە، هی شانۆ گەڕانەوەی تێدا نییە و هی دراماکانیش بە کەیفی خۆمان هەڵیاندەبژێرین، واتە درێژی دەکەین و دەیبڕین بەپێی پێویست.

*** چ پرۆژەیەکی نوێتان هەیە؟**

- دوابەرهەمم ئەمساڵ لە زنجیرە سێ ئەلقەی (سەرابەکانیش خەونن) بوو، کە کاری هونەرمەند و دەرهێنەری برا کاك (بەکر معرووف) بوو، پرۆژەی داهاتووشم پەیوەستە بە برا دەرهێنەرەکان، ئەگەر بەرهەمێکیان هەبێت، ئەوان بەربژارم بکەن، منیش دوای خوێندنەوەی دەق و رۆڵەکەم کە خۆمی تێدا ببینمەوە، دریغی ناکەم.

*** لە کۆتاییدا بۆ بینە ر هونەر دۆستان چیت هەیە ؟**

- دنیایەك سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویست، هیوادارم هونەرمەند و رۆشنبیرانمان هەمیشە دەوڵەمەند بن بە پێشکەشکردنی بەرهەمی جوان و پێشکەوتوو، هەمیشە سەربڵند و سەرکەوتوو بتانبینم، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.





چۆڤین تاهیر:

# پەیامی من لە کاری هونەریدا ئەوەیە کە دەنگی ئافرەتی کورد بە دنیای دەرەوە بگەیەنم

چۆڤین تاهیری شانۆکار، یەکێک بوو لەو ئەکتەرانەی بە فیلمی (ئاوابوون) بەشداریی لە خولی حەفتەمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆك بۆ سینەما کرد و رۆڵی ئەکتەری سەرەکیی لەو فیلمەدا هەبوو، بەڵام نەیتوانی لە فیستیڤاڵەکەدا ئامادە بێت.

لەم بارەوە چۆڤین تاهیر گوتی: فیلمی (ئاوابوون) باس لە مەینەتییەکانی ئەنفال لە کوردستان دەکات و یەکێکە لە فیلمە بەشداربووەکانی فستیڤاڵی دهۆك و چاوەڕێم دەکرد ئامادە بم و لە نزیکەوە چاوم بە هونەرمەندان و میوانەکانی فیستیڤاڵ بکەوێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات هاتبوون، جگە لەوەش رۆڵی سەرەکیم لە فیلمەکەدا هەبوو، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی لە فیستیڤاڵەکەدا ئامادە بم، چونکە بەپێی یاساکانی فیستیڤاڵ لە بەشی کورتە فیلمدا تەنیا دەرهێنەر ئامادە دەبێت. دەربارەی پەیامی خۆی وەك هونەرمەندێك دەڵێ: «پەیامی من لە کاری هونەریدا ئەوەیە، دەنگی ئافرەتی کورد بگەیەنم بە دەرەوە و چیتر ئافرەتی کورد لە ناو چوار دیواردا کپ و بێدەنگ نەکرێت و دوای گەیاندنی دەنگ و پەیامیان پشگیریان بۆ بدۆزمەوە، تارادەیەکی زۆریش توانیومە لە رێی کارەکەمەوە پەیامی خۆم بگەیەنم، جگە لەبواری شانۆ بەشێکی دیکەی ژیانی خۆم بۆ بەشی شێوەکاری و نوسینی تێکست و دەرهێنەری بۆ کاری شانۆ تەرخانکردووە.



# نەخۆشییەکی مارین مۆنرۆ ئاشکرا بوو

لە مەزادێکی ئاشکرادا لە کالیفۆرنیا چەند فایلێکی تایبەت بە نهێنییە تەندروستییەکانی خانمە ئەکتەری کۆچ کردووی ئەمریکی مارلین مۆنرۆ کە تایبەتن بە لایەنی جوانکاری بە بڕی ٢٥٦٠٠ دۆلاری ئەمریکی فرۆشران.
لەو مەزادەدا کە خانەی (گۆلیینز) لە بیفرلی هێلز ئەنجامیدا، چەند کەرەستەیەکی تایبەتی ژمارەیەك ئەستێرەی سینەمایی و کەسایەتی دیکە خرانە روو، لەوانە ئەلیزابێس تایلۆر، جۆلی ئەندرۆز، گریتا گاربۆ و شازادە دایانا.
بەپێی ئەم فایلانە مارلین مۆنرۆ لە هەرەتی تەمەنی لاوێتیدا نەشتەرگەریی جوانکاریی ئەنجامداوە، چونکە چەند وێنەیەك هەبوون کە تیشکیان تێدا بوو، تایبەت بە دەموچاوی مارلین و ژمارەیەك وانەی پزیشکی دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری کە ئەنجامیداوە، هەروەها چەند وێنەیەك کە دەری دەخەن لە ساڵی ١٩٥٠ نەشتەرگەریی بۆ لایەکی لوتی ئەنجامداوە، کە ئەو کات تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە، هەر لە بەڵگەکانەوە دەردەکەوێت کە مارلین لە ساڵی ١٩٥٧ سکی هەبووە لە دەرەوەی منداڵدان، پێشتریش چەند کەلوپەلێکی مارلین و ژمارەیەك وێنەی کە لەسەردەمی جەنگی کۆریا گیراون، بە بڕی پەنجا هەزار دۆلار فرۆشراون.



# تابسی: هاوسەرەکەم هونەرمەند نییە

ماوەیەکە میدیاکانی هیندستان بەگشتی و بۆلیود بەتایبەتی سەرقاڵی هەواڵەکانی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی خانمە ئەکتەر تابسی بانۆن و پێشبینی دەکرا خۆشەویستەکەی یەکێك بێت لە ئەکتەرەکان، بەڵام بەم دواییە و لە ناکاو دەرکەوت کە خۆشەویستەکەی هیچ پەیوەندیی بە هونەر و سینەماوە نییە.

هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر کەس باسی لەو چیرۆکی خۆشەویستییە نەدەکرد، بەڵام لە دیمانەیەکیدا بۆ ماڵپەڕی Pinkvillaی هونەری، تابسی رایگەیاند کە ماوەیەکی زۆرە پەیوەندیی بەخۆشەویستی لەگەڵ کەسێك کە هەیە، کە لە بواری هونەریدا نییە و دەیەوێ ئەوە رابگەیەنێ کە ژیانی هاوسەرییان پێك نەهێناوە، لە درێژەی دیمانەکەیدا تابسی هەروەها دەڵێ: بەو کەسانە دەڵێم کە منیان خۆشدەوێ، یان ئەو رۆژنامەنووسانەی کە دەیانەوێ بە هەواڵی هونەرمەدان ناوبانگ دەرکەن و فرۆشیان زیاد بێت، من ژیانی هاوسەریم پێك نەهێناوە، بەڵام ئەو کەسەی کە بە رێکەوت هاتە نێو ژیانم، هونەرمەند، یان یاریزانێکی ناوداری کریکێت نییە.
دەربارەی پلانەکانی بۆ هاوسەری داهاتوو گوتی: ئەو کاتە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنم کە حەز بکەم ببم بە دایك، دەمەوێ دوور لە ژیانی هاوسەرگیری منداڵم هەبێت، چونکە حەز لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەناکەم، بەڵکو زیاتر دەمەوێ بێدەنگ بم، چونکە ئەم کارە زۆر ماندووم دەکات.